
# چەند زانیارییەک دەربارەی هێزەکانی هاوپەیمانان و عێراق

## یەکەم: هاوپەیمانان

**١- هێزی زەمینی**
* یەکەی شاخاوی دەیەم.
- ٢٥٠ سەرباز لەخۆ دەگرێت
- فرۆکەکانی ئەم یەکەیە لە شەڕی دژ بە تیرۆر بەشداری دەکەن و لە داهاتووشدا لە هەڵمەتی دیکە بەشدار دەبن.
- ئەم یەکەیە دەتوانێ لە ماوەی ٩٦ سەعاتدا لە هەموو پرۆسەیەکی زەمینی و ئاوی و ئاسمانی بەشداری بکەن.
* تیپی سێیەم- پیادەی میکانیکی.
- ژمارەی هێزی بەشدار ١٥٠٠٠ کەسە و لە کوێت بڵاوبوونەتەوە. لەم هێزەدا لیواکانی (١) و (٣) وێڕای تیمەکانی فرۆکە و تۆپهاوێژ بەشدارن وێڕای لیوای (٢) کە ئێستا لە کوێتن.
- ئەم تیپە یەکەیەکی جوڵاوی خێرایە و سەر بە سوپای ١٨ی ئەمەریکایە و بە ڕێگەی ئاسماندا دەگوازرێتەوە.
- ئەم تیپە دەبابەی جۆری (ئەبرامز) و زرێپۆشی گواستنەوەی سەربازیی جۆری برادلی و هەلیکۆپتەری جۆری ئەباچی هەیە.
* یەکەی ئاسمانی ٨٢
- ژمارەی سەربازەکانی (٥٠٠٠) سەربازە. ئەرکی سەرەکی ئەم تیپەش دابەزاندنی سەربازە بە پەرەشوت یان گواستنەوەیان بە هەلیکۆپتەر. ئەم هێزە بەمەبەستی بەشداریکردن لە شەڕی دژ بە تیرۆر بڵاوبوونەتەوە.
* لیوای سێیەم- یەکەی سەربازی چوارەم
- ژمارەی سەربازەکانی ٣٥٠٠ سەربازە و بەپێی سەرچاوە ئاگەدارەکان لە چوارچێوەی شەڕی جیهانی دژ بە تیرۆر بڵاوبوونەتەوە.
- چەکەکانی ئەم لیوایە ئەمانەن:- دەبابەی قورس، هەڵگری زرێپۆش، هەلیکۆپتەر، ئەم لیوایە لە دوو کەتیبەی سەربازیی و کەتیبەیەکی دەبابات و کەتیبەیەکی نۆڕین (استطلاع) پێک هاتووە و لە شەڕی کەنداو بەشداریان کردووە و ئەمجارەش لەگەڵ دەستپێکی شەڕ بڵاودەبنەوە.




* سەرکردایەتی بەرگری موشەکی و هێزی پیادەی (٣٢)
- ژمارەی سەربازەکانی لەنێوان (١١٠٠-١٢٠٠) کەسە و لە ناوچەی کەنداو بڵاوکراونەتەوە. سەربازانی ئەم یەکەیە بۆ جاری چوارەم بۆ کەنداو نێردراون بەمەبەستی ئیدارەکردنی پرۆگرامی کەرتی موشەکی لە ناوچەی کەنداو.
- ئەرکەکانی ئەم یەکەیە بەرگری کردنە لە هێرشی ئاسمانی و ئەو موشەکانەی دژیان تێدەگیرێ وەک موشەکی سکود.
- ئەم یەکەیە لە ساڵی ٩٩٨ لە کوێت دانران بەمەبەستی بەشداری کردن لە هەڵمەتی «ڕێوی بیابان».

**٢- هێزی دەریایی**
* فرۆکە هەڵگری ئەمەریکایی کیتی هۆل.
- لە شوباتی ٢٠٠٣ گەیشتە ئاوی کەنداو.
- ئەم کەشتیە فرۆکەی هەڵگرتووە و لە بنەڕەتدا لە بەندەری یوکوشوکای یاباندایە.
- ژمارەی تاقمەکەی ٨ هەزار کەسە.
- ٨٥ فرۆکەی لەسەر پشتە.
- هەروا بە موشەک هاوێژی دەریایی و سیستەمی تێگرتن خێرا و کورت مەودا پڕ چەک کراوە.



* فرۆکە هەڵگری ئەمەریکایی هاری Å.S ترومان.
- لە مانگی کانونی یەکەمی (٢٠٠٢)وە لە ئاوەکانی دەریای سپی ناوەڕاستە.
- ٧٥ فرۆکەی لەسەرپشتە.
* فرۆکە هەڵگری تیودور روزفلت:
- لە مانگی کانونی دووەمی (٢٠٠٣)وە لە ئاوەکانی دەریای سپی ناوەڕاستە.
- ئەم کەشتیە فرۆکە هەڵگرە و بە وزەی ئەتۆمی کاردەکات.
- ٨ هەزار سەربازی لەگەڵدایە و لە ساڵی ٩٨٦ دروست کراوە.
* فرۆکە هەڵگری ئەبراهام لنکولن.
- لە مانگی کانونی دووەمی (٢٠٠٣)وە لە ئاوەکانی کەنداودایە.


- بە وزەی ئەتۆمی کاردەکات و لە ئەمەریکاوە هاتووە.
- ٨٥ فڕۆکەی لەسەر پشتە و (٨) هەزار سەربازیشی تێدایە.
* فڕۆکە هەڵگری ئەمەریکایی کونستیلایشن.
- لە مانگی تشرینی دووەمی (٢٠٠٢)ەوە لە کەنداودایە.
- ژمارەیەک کەشتیی شەڕکەری لەگەڵدایە وەک: موشەک هاوێژی بنکر وهل وێرانکەری ئەمەریکایی هیجیتر و میلیوس و کەشتیی جەنگیی تاتش، هەروا غەواسەی تیژ هێرشبەری کۆلۆمبیای لەگەڵدایە کە لە بارل هاربیر خستویەتی.
٣- هێزی ئاسمانی ئەمەریکایی
* باڵی ئاسمانی هاوێژەر ٢٨
- بارەگاکەی لە (داکۆتا)یە، رەنگە رووی لە سوڵتانشینی عومان یان بنکەی دیگوگارسیا کردبێت. ئەو یەکانەی لەم باڵەدا بەشدارییان کردووە تیمی بۆمباهاوێژی ٣٤ و B1-B٣٧ دەگرێتەوە. لە ئەرکەکانی ئەم باڵە پشتیوانی کردنی پرۆسە ئاسمانیەکانە.
* باڵی ئاسمانی ٤٩ فڕۆکەی جەنگی.
ئەم باڵە لە نیومکسیکۆوە بەرەو کوێت هاتووە، فڕۆکەکانی جۆری شەبەح لەخۆ دەگرێت، ئەم فڕۆکانە لە شەڕی دووەمی کەنداویشدا ساڵی ٩٩٠ بەشدارییان کردووە.
* باڵی ئاسمانی یەکەم. فڕۆکەی جەنگی.
یەکەکانی ٢٧ فڕۆکەی جەنگی، ٧١ فڕۆکەی جەنگی و F15 لەم باڵە لە ناوچەی شەڕ بڵاوکراوەتەوە.
* باڵی ئاسمانی ٦٠ بۆ سوتەمەنی گەیاندن.
بارەگاکەی لە کالیفۆرنیایە و دوو سربی ٦ و٩ لەخۆ دەگرێت و هاتۆتە ناوچەی کەنداوو ئەرکی گەیاندنی سوتەمەنییە .
* باڵی ئاسمانی ٥٥.
بارەگاکەی لەنبراسکایە و هاتۆتە ناوچەی کەنداو و ٨ سربی فڕۆکەوان و یاریدەدەر و پسپۆڕانی چاککردنەوە لەخۆ دەگرێ.
ئەم سربە فڕۆکەی نۆڕین (استطلاع)ی هەیە کە لە هەمان شوێندا وێنەکان تۆمار دەکات و شی دەکاتەوە.
* باڵی ئاسمانی ١١٦
بارەگاکەی لە ویلایەتی جۆرجیایە. ئەم باڵە فڕۆکەی چاودێری زەمینی بەکاردێنێ و لە ١١٠٠ کەس لە ئەندامانی پاسەوانانی نیشتمانی پێک هاتووە، ئەرکی ئەم باڵە راوەدونان و دیاریکردنی هێزی زەمینییە لە هەموو باروودۆخێکدا.
* باڵی رزگارکردنی ئاسمانی ٣٤٧.
بارەگاکەی لە ویلایەتی جۆرجیایە و هاتۆتە ناوچەی کەنداو و فڕۆکەی تایبەت بە گەڕان و رزگارکردن بەکاردەهێنێ، هەروا دەتوانێ بەنزین بگەیەنێتە فڕۆکە.
* باڵی ئاسمانی ٤٣
بارەگاکەی لە کالیفۆرنیای باکوورە و هاتۆتە ناوچەی کەنداو و فڕۆکەی C١٣٠ تایبەت بە گواستنەوە بەکاردێنێ، ئەم باڵە لە دوو سربی (٢) و (٤١)ی تایبەت بە گواستنەوە لەخۆ دەگرێت بۆ گواستنەوەی هێز و کەرەستە و ئامێری جەنگی.
* باڵی ئاسمانی چوارەم
ئەم باڵە فڕۆکەی F15 لە خۆ دەگرێت و هاتۆتە ناوچەی کەنداوە.





* باڵی ئاسمانی شەشەم.
فڕۆکەی K.c135ی تایبەت بە سوتەمەنی پێدان بەکاردێنێ و ئەم باڵە سربی «٩»ی تایبەت بە بەنزین پێدان لەخۆ دەگرێ. ئەم فڕۆکانە لە ژێر هەموو باروودۆخێکدا دەتوانن لە ئاسمانەوە بەنزین بە فڕۆکەی دیکە بدەن.
* سربی ١١ی نۆڕین (استطلاع)
بارەگاکەی لە نیفادایە و هاتۆتە ناوچەی کەنداو و فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی ترسناک بەکاردێنێ، هەردوو سربی ٥٧ و ١١ی تایبەت بە هێرشی ئاسمانی تاکە دوو سربن لە هێزی ئاسمانی ئەمەریکایی کە ئەم جۆرە فڕۆکانە بەکار دێنێ. ئەم فڕۆکانە سات بە سات سەرکردەکانیان لە باروودۆخی سەر زەمین ئاگەدار دەکەنەوە.
* باڵی ئاسمانی ١٦ی تایبەت
لە فلۆریداوە هاتۆتە بنکەیەک لە بنکەکانی ناوچەی کەنداو، فڕۆکەی A.C-131 جەنگی و M.C-130 جەنگی و هەلیکۆپتەری MHی لە خۆ دەگرێت. ئەم باڵە تایبەتە بە ئەنجامدانی کارو کردەوەی ناتەقلیدی وەک شەڕی دەروونی و دژە هێرش کردن، هەروا یارمەتی فڕۆکەی ستونی دەدات بەخێرایی لە شوێنەکان بچنە دەرەوە.
* باڵی ٥٢ی جەنگیی
ئەم باڵە فڕۆکەی F165ی جەنگیی بەکاردێنێ کە پاراستنی ئاسمانی بۆ بەرگریی زەمینی دابین دەکات.
* باڵی ئاسمانی ٥٠٩ی بۆمب هاوێژ.
لە ویلایەتی میزوریەوە چووەتە بەریتانیا، ئەم باڵە فڕۆکەی B . 2 سیلس بەکاردێنێ.

## تەقەمەنی هاوپەیمانان

* JDAM



چەکێکی هێرشبەری راستەوخۆیە، ئامانجی سەرەکی ئەوەیە بۆمبی ئاسایی بکاتە بۆمبێکی زیرەک لە رێگای رێمۆت کۆنترۆڵەوە، دەکرێ ئامێرەکەشی بە بۆمبێکی MK109، BLUEC2000.
*** موشەکی تۆماهۆک- ئاسمان بە زەمین**
لە جۆری هێرشبەرێکی زەمینییە لە جۆری کرۆز، مەوداکەی هەزار میلە، سیستەمی دیاریکردنی شوێنی جیهانی بەکار دەهێنێت. لەو فڕۆکانەی بەکاری دێنێ AGM86c. تۆماهۆک دەکرێ لەرێگای کەشتی و غەواسە هەڵبدرێت.



*** Gbu-10/12/16/24 بۆمب**
کاری سەرەکی ئەم بۆمبانە لە رێگای لێزەرەوە کۆنترۆڵ دەکرێت، لە رێگای تیشکی لێزەرەوە ئاراستە دەکرێت و بە فڕۆکەی جۆراوجۆر دەکرێ ئەم بۆمبە بار بکرێت.
*** Gbu-28 Penetrator بۆمب**
لە جۆری بۆمبێکی دیاریکراوە کێشی پێنج هەزار لە جۆری پاوەندە، لە

ڕێگای تیشکی لێزەرەوە ئاراستە دەکرێت. بەم فڕۆکانەش هەڵدەدرێت B.2 Stealth شەبەح و F-15e فڕۆکەی جۆری Stvike e- agle.



*** Blu-82 بۆمب**

بۆمبێکە بۆ ئامانجی فرە بەکار دێت و قورساییەکەی ١٥ هەزار پاوەندە. C-130 s لە بەرزایی بڵندەوە هەڵدەدرێت. لە شەڕی گەردەلوولی بیاباندا ١٥ دانە هەڵدرا، دەتوانێت کێڵگەی مین بخاتەروو، کە ئەفغانستانیش چوار بۆمبی وا بەکار هات.



*** MK82 بۆمب.**

قورسایی 500 پاوەندە، ئاراستەکەی بالستیە لە فڕۆکەوە هەڵدەدرێت.

*** MK82 بۆمب**


بۆمبێکی قورساییەکەی ٢٠٠٠ پاوەندە، ئاراستەکەی بالستییە، لە ڕێگای فڕۆکەوە هەڵدەدرێت.



*** Blu-118/b ther-mobarvicwecpon**

ئامانجی سەرەکی ئەوەیە بۆمبێکە گەرمای زۆرە لە تونێل و ئەوشکەوتەکان بەکاردێت، سیستەمی ئاراستەی بۆمبەکە فرە جۆرە، لە ڕێگای هێزە ئاسمانییەکانی ئەمەریکاوە هەڵدەدرێت.

* سارۆخ تۆماهۆک- ئاسمان بە زەمین لەجۆری هێرشبەری زەمینی جۆری کرۆزە، مەوداکەی هەزار میلە. سیستەمی دیاریکراوی جێگەی باڵا بەکار دێنێ.



*** AGM-142**

Havenap موشەکە مەوداکەی ٤٥ میلە لە ڕێگای کامێراوە ئاراستە دەکرێت.



*** AGM-65 Mawick**

جۆری موشەکی ئاسمان بە زەمینە، ئاراستەکراوە، مەوداکەشی هێشتا نهێنییە، لە ڕێگای تەلەفزیۆنەوە کار دەکات و فڕۆکەوان ئامانجی خۆی لە تەلەفزیۆن دەبینێت و بە ڕێگای لێزەرەوە موشەکی تێدەگرێت.

*** AGM-harm**

جۆری موشەکی ئاسمان بە زەمینە، تەکنیکیە لە دژی سیستەمی بەرگری بەکار دێت، بەتایبەتی ئەوەی بە ئامێری ڕادار بەهرەمەندە، مەوداکەی سی میلە و ئاراستەی ئەم موشەکە هەمان سیستەمی ڕاداری بەکار دێنێ، فڕۆکەی جۆری F-16c/f/a-18 بەکار دێنێ.

*** Alm-120Amraam slammer**


جۆری ئاسمان بە ئاسمانە و مەوداکەی سی میلە و لە ڕێگای ڕادارەوە ئاراستە دەکرێت لە ڕێگای فڕۆکەی جەنگییەوە هەڵدەدرێت.



*** موشەکی هیلیفایەر**

جۆری موشەکی ئاسمان بە زەمینە، لە ڕێگای لێزەرەوە ئاراستە دەکرێ و مەوداکەی پێنج میلە لە ڕێگای زەمین و بە کۆپتەر دەتوانرێ هەڵبدرێت.

*** TOW موشەکی تاو**



موشەکێکە لە دژی تانک و زرێپۆش بەکار دێت، زیاتر لە ڕێگای تاکەوە بەکار دەهێنرێت، دەکرێ لە سەرزەمین و میک زەمینی و کۆپتەر بەکار بهێنرێت.

*** موشەکی سیتنگەر**

موشەکێکە مەوداکەی کورتە و، بە تیشکی ژێر سوورەکان ئاراستە دەکرێت، جگە لە پلەی گەرما، دەکرێ لە ڕێگای کۆپتەر و ماشێنی جۆری برادلی و هیۆمفیسی بەکار بێت، هەندێک جۆری ستینگەر لە ڕێگای شانەوە هەڵدەدرێت.



*** باوکی بۆمبەکان**



کێشەکەی ٢١,٥٠٠ تەنە و بە (باوکی بۆمبەکان) ناو دەبرێت، جۆرە هەرە پێشکەوتووی ئەم بۆمبە قورساییەکەی ١٥ هەزار تەنە، پێشتر لە ڤێتنام و ئەفغانستان بەکار هاتووە، سیستەمی ئاراستەکردنی زۆر وردە و هێشتا لە نهێنییە سەربازییەکانە، لە ڕێگای فڕۆکەی بارهەڵگەری گەورەوە هەڵدەدرێت.

# سەرکردە سەربازییەکانی ئەمەریکا ژیان و پلە و پایەیان

*** سەرکردایەتی سیاسی و سەربازی ئەمەریکا کۆمەڵێ ئەفسەری پایەبەرزی تێدایە کە لێرەدا پوختەی ژیان و پلە سەربازییەکانیان بڵاودەکەینەوە...**

*** جۆرج بوش:**



پایەکەی: بەپێی دەستووری ئەمەریکا سەرۆکی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، سەرۆکی گشتی هێزە چەکدارەکانیشە.

بوش ساڵی ١٩٩٥ حاکمی ویلایەتی (تکساس) بووە، لەو پایە ماوەتەوە تاوەکو ساڵی (٢٠٠٠) وەک سەرۆکی (USA) هەڵبژێردراوە.

هەروەها لە ساڵانی (١٩٦٨-١٩٧٣)یش وەک فڕۆکەوان لە گاردی نیشتمانی لە هێزە هەواییەکانی تەکساس خزمەتی کردووە.

*** رامسفێلد:**

راوێژکاری سەرەکی سەرۆک بوش لە بواری نەخشە سیاسییەکانی بەرگری، هەروەها بەرپرسی سیاسەتی بەرگرییە بە گشتی، رامسفێلد لە ئیدارەی سەرۆک فۆرد لە سالانی (١٩٧٥-١٩٧٧)یش وەک وەزیری بەرگری خزمەتی کردووە، بەڵام بەر لەوە یەکێ بووە لە گەورە فەرمانبەرانی کۆشکی سپی، هەروەها بالیۆزی ئەمەریکاش بووە لە پەیمانی ناتۆ، جگە لەوەی کە لە بنەڕەتدا خۆی فڕۆکەوانێکی دەریایی بووە، بە تایبەتیش لە سالی (١٩٥٧) دا، لە سالانی (١٩٦٢-١٩٦٨) بەرپرسێکی هەڵبژێردراوی کۆنگرێس بووە لەسەر ویلایەتی ئەلینۆی، لەمێژیشە وەک راوێژکاری سەرۆک و بەڕێوەبەری مەکتەبی دەرفەتە ئابوورییەکان کاری کردووە.

*** ژەنراڵ تۆمی فرانکس:**

لە ناوەڕاستی سالی (٢٠٠٠)وە ژەنراڵ فرانکس سەرۆکایەتی سەرکردایەتی مەرکەزی ئەمەریکی پێ سپێردراوە. لە (٢٥) دەوڵەتیش لە دەوڵەتەکانی باکووری رۆژهەلاتی



ئەفریقیا و باشووری رۆژئاوای ئاسیا و رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بەرپرسیارێتی چاودێریکردنی بەرژەوەندییە ئەمنییەکانی ئەمەریکای لە ئەستۆدایە. فرانکس سالی ١٩٦٧ دوای دەرچوونی لە قوتابخانەی ئەفسەرانی تۆپخانەی فۆرت سیلی ئۆلکلاهوما، وەک ملازمی دووەم چۆتە خزمەتی سەربازی، لە سالانی (١٩٩٥-١٩٩٧) سەرکردایەتی فرقەی دووی پیادەی ئەمەریکی کردووە لە کۆریا. پاشان لە ئایاری سالی ١٩٩٧ سەرکردایەتی سوپای سێی هێزە چەکدارەکانی ئەمەریکای کردووە پێشتریش وەک ئەفسەری پشتگیری لە ڤێتنام و یاریدەدەری سەرکردەی فیرقە لە کردەوەکانی گەردەلوولی بیاباندا خزمەتی کردووە.

*** جۆن ئەبی زێد:**



بە رەسەن لە خێزانێکی لوبنانییە و بە یەکێ لەو کەسانەدا دادەنرێت کە بەرزترین پلە و پایەی سەربازی هەیە لەناو سوپای ئەمەریکا، کە بە رەگەز ئەمەریکی نەبێ، لە مانگی شوباتی سالی (٢٠٠٣) وەک جێگری سەرکردەی سەرکردایەتی ناوەندی ئەمەریکا دەست بەکاربووە، ئەبی زێد سالی ١٩٧٣ وەک ملازمی دووەم لە ئەکادیمیەی سەربازی ئەمەریکی دەرچووە و پاشان ژیانی سەربازی لە فیرقەی دووەم و هەشتەمیش لە فۆردبراک دەستپێکردووە، لە فرقەی پیادەی یەک و فەوجی (٥٤)ی پیادە و هێزەکانی پەرشووت وەک سەرکردەیەکی سەربازی پایەی وەرگرتووە. لە هێرشی گریناداش سەرکردایەتی فیرقەیەکی کردووە.

*** مایکل بی دیلۆنگ:**



لەگەڵ فەریق جۆن ئەبی زێدا پایەی جێگری سەرۆکی سەرکردایەتی ناوەندی ئەمەریکای هەیە لە بنکەی ماکدیلی هێزە ئاسمانییەکان لە تامبای فلۆریدا، یەکەم جار لە ڤێتنامەوە هاتە ناو خزمەتی سەربازی و بەشداری لەکردەوەکانی وەک (ئیگڵ پۆل، فریکونت ویند) لە ڤێتنامدا کردووە.


هەروەها پتر لە (٨٠٠) کاتژمێر لە ناو شەڕی رووبەڕوودا بووە پێشتر بەرپرسیارێتی رابەرایەتی کردنی یەکەکانی فڕۆکەوانی دەریایی سێیەمی پێسپێردراوە لە بنکەی فڕۆکەوانی میراماری دەریایی لە کالیفۆرنیا.

*** مایکل موسلی:**



سەرکردەی هێزی ئاسمانی نۆیەم، کە شەش باڵی سەرەکی ئەو هێزەی باکووری ئەمەریکا دەگرێتەوە، جگە لە بەرپرسیارێتییەکەی وەک سەرکردەی هێزی ئاسمانی سەر بە سەرکردایەتی ناوەندی ئەمەریکا، کە ئەو پایەیەی رێپێدەدات بۆ دانانی نەخشە و جێبەجێکردنی کردە ئاسمانییە لای کەنداو. سالی ١٩٧١ چووە ریزی هێزە ئاسمانییەکان، هەروەها وەک بەڕێوەبەری کردەوە سەربازییە هاوبەشەکانیش لە باشووری رۆژهەلاتی ئاسیا کاری کردووە. جگە لە سەرکردایەتی کردنی باڵی هێزەکانی فڕۆکە جەنگییەکانی (٥٧) کە بە گەورەترین و زەبەلاحترین یەکەی هێزی ئاسمانییەکانی ئەمەریکا دادەنرێت.

*** ئیرل هیلستون:**



وەک سەرکردەی فەیلەقی دەریاوانی سەر بە سەرکردایەتی ناوەڕاست خزمەتی کردووە. کە سەرپەرشتی هەموو یەکە دەریاوانییەکانی سەر بە سەرکردایەتی مەرکەزی ناوەڕاست دەکا و لە (٢٥) دەوڵەتدا بڵاوبوونەتەوە، بە کەنداویشەوە، هەروەها وەک سەرکردەی هێز و بنکەی دەریاییەکانی پالنیکش خزمەت دەکات. لە (٢٠٠١/٨/١) وە ئەو بەرپرسیارێتییەی ئێستای وەرگرتووە. سالی (١٩٦٧) چووە ریز هێزە دەریاییەکان دوای ئەوەی لە سەربازگەی (بوت) خوێندنی تەواوکرد و سالی (١٩٦٨) کرایە ئەفسەر. لەگەڵ تیپی ئیستیتلاعی یەکەم و کەتیبەی دەریایی یەکەم لە ڤێتنام خزمەتی کردووە.

*** ولیەم والاس:**

لە حوزەیرانی (٢٠٠١) سەرکردایەتی سوپای پێنجەمی پێ سپێردرا، سالی ١٩٦٩، بە پلەی ملازمی دووەم لە هێزەکانی زرێپۆش دامەزرا، دوای ئەوەی ئەکادیمیای سەربازی تەواوکرد. وەک بەڕێوەبەری مەشقی هاوبەش بە سەرکردایەتی هێزە هاوبەشەکانی ئەمەریکا کاری کردووە.



*** دیڤید دی ماکیرنان:**

وەک سەرکردەی سوپای سێی ئەمەریکی لە سەرکردایەتی مەرکەزی ناوەڕاست کار دەکات. هەروەها لە (٢٠٠٢/٩/٤) شەوە وەک سەرکردەی هەموو هێزەکانی پیادەی هاوپەیمانیش کار دەکات، دوای دەرچوونی لە کۆلیژی (ولیام و میری) هاوبەش لە سالی ١٩٧٢ پەیوەندی بە سوپاوە کرد. پێشتریش وەک جێگری سەرۆکی ئەرکانی عەمەلیات لە واشنتۆن کاریکردووە. لە کردەوەکانی گەردەلوولی بیابان پەیوەندی بە سەرکردایەتی فەیلەقی حەوتەم کرد بۆ ئەوەی سەرپەرشتی کردە تەکتیکییەکانی فەیلەق بکات.

**ئەرکی سەرکردایەتیکردنی:**



سەرکردەی بالای چالاکییە تایبەتییەکان لە سەرکردایەتی ناوەندی، کە بەرپرسیاریەتی نەخشەکێشانی چالاکێشانی چالاکییە تایبەتییەکانی لە ئەستۆدایە، لە هەموو ناوچەکانی سەر بە سەرکردایەتی ناوەندی ئەمەریکی.
**ساڵەکانی خزمەتکردنی:** لە میانەی بەرنامەی تەجنیدی زانکۆی ویلایەتی تێنیسی رۆژهەلات لە ۱۹۷۳ هاتۆتە ناو خزمەتی سەربازی.
**ئەرکی سەرکردایەتی پێشووی:** پاش ئامادەکردنی بۆ هێزە تایبەتییەکان لە ساڵی ۱۹۷۷، سەرکردایەتی چالاکییە سەربازییەکانی تیپی (آ)ی لە چالاکییە تایبەتییەکان کردووە لە (پەنەما) هەروەها سەرکردایەتی چەندین کۆمەڵەی دیکەی کردووە.
خەسڵەتەکانی توانای سەربازان: بەشداری لە کردە سەربازییەکانی (غرانادا و پەنەما) و شەڕەکانی گەردە لوولی بیابان کردووە، هەروەها لەکاتی بەشداریکردنی لە کردە سەربازییەکانی سۆمالدا، کە سەرکردەی گشتی هێزی پیادەبوو لە ساڵی ۱۹۹۵ بە ئاگری چەکی (مۆرتار) بریندار بوو.

**جەنراڵ ریتچارد بی مایرز**



**ئەرکی سەرکردایەتیکردنی:** مایرز لە ئۆکتۆبەری ۲۰۰۱ وەک سەرۆکی دەستەی ئەرکانی هاوبەش دامەزرا، سەرۆکی دەستەکەش خاوەنی بەرزترین پلە و پایەی سەربازییە، هەروەها راوێژکاری سەربازی بنەڕەتی سەرۆک بوش و وەزیری بەرگری دۆناڵد رامسفێلد و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییە.
**ساڵەکانی خزمەتکردنی:** مایرز لە ساڵی ۱۹٦٥وە لە میانەی بەرنامەی مەشقی تایبەتی ئەفسەرە یەدەگەکان چووە ریزی هێزە ئاسمانییەکان.
**کاری پێشووی:** پێش ئەوەی ببێتە سەرۆکی دەستەی ئەرکان، ماوەی ۱۹ ماگ وەک جێگری سەرۆکی دەستەی ئەرکان کاری کردووە، هەروەها لە ئابی ۱۹۹۸ هەتا شوباتی ۲۰۰۰ ئەرکی سەرکردایەتی بالای بەرگریکردنی لە ئاسمانی ئەمەریکای باکوور و ئاسمانی ولاتە یەکگرتووەکان و سەرکردایەتی هێزی ئاسمانی و بەرپرسیاریەتی بەرگریکردنی ولایەتە یەکگرتووەکانی لە رێگای ئاسمانی و چالاکییەکانی موشەکی کێشوەر بری پێ سپێردراوە.
هەروەها سەرکردایەتی هێزە ئەمەریکییەکانی لە یابان و هێزی ئاسمانی (٥) و هێزی ئاسمانی لە باستیل کردووە.

**جەنراڵ بیتر بیست**

**ئەرکی سەرکردایەتیکردنی:** جێگری سەرۆکی دەستیە ئەرکانی هاوبەشە، کە دووەم پلە و پایەی سەربازییە لە ولاتە یەکگرتووەکان و یەکەم ئەفسەریشە لە هێزی دەریاوانی ئەو پایەیەی وەرگرتووە.
**ساڵەکانی خزمەتکردنی:** لە ساڵی ۱۹٦۷ وەک ئەفسەرێک لە ئەکادیمیای دەریاوانی ئەمەریکی دەرچووە، ئەرکی سەرکردایەتی پێشووی لە ت۲ ۱۹۹٦هەتا ئەیلوولی ۲۰۰۰ سەرکردایەتی فەیلەقی هێزە دەریاییەکانی ئەمەریکای کردووە لە ئەتلەسی-ئەوروپا- باشوور پاشان پلەی بەرزکراوەتەوە بۆ سەرکردایەتی بالای هێزەکانی باشووری ئەمەریکا و تا ئەیلولی ۲۰۰۱ لەو کارەیدا بەردەوام بووە.

## دووەم: عێراق

**یەکەم:- هێزی زەمینی**

- یەکەکانی پاسەوانی کۆماری تایبەت بە گرنگترین و بەهێزترین یەکەی هێزی سەربازیی عێراقی دادەنرێت کە لە هەمووان باشتر پڕ چەک کراون. ئەم هێزە تایبەتە بە پاراستنی سەدام حوسێن و کۆشکەکانی کۆماری و بەغدای پایتەخت.
- جگە لە هێزی گاردی کۆماری تایبەت عێراق (٥) فەیلەقی دیکەی هەیە کە بەسەرتاپای وڵاتدا بلاوکراونەتەوە.

**۱- گاردی کۆماری تایبەت.**

- ژمارەی ئەم هێزە ۱٥ هەزار کەسە.
- لە ٤ لیوای پیادەی و یەکەیەکی زرێپۆشو تانک و یەکەیەکی بەرگری ئاسمانی پێک هاتووە.
- لە رووی چەکدارکردنەوە، بە تانکی روسیی جۆری T72 چەکدارە.
- ئەم هێزەش تاکە یەکەی سەربازییە کە رێگەی پێدراوە لەناو بەغدادا هەبێ، زۆربەی زۆری ئەندامەکانیشی لە هۆزی (ابوناصر)ن کە رەچەڵەکی سەدام حوسێن دەگەرێتەوە بۆ ئەو هۆزە.
- لیوای یەکەمی ئەو هێزە سەدام دەپارێزێ و لیوای دووەمی کۆشکەکانی کۆماری و ئەو رێگایەی لە باکوورەوە دێتە ناو بەغدا دەپارێزێ.
لیوای سێیەم و لیوای چوارەمیش کۆشکەکان و رێگاکانی لای باشووری بەغدا دەپارێزن. یەکەی تانکەکەش لە دوو فەوجی دەبابە پێک هاتووە.

*** سەرکردایەتی هێزەکانی گاردی کۆماری**

*** فەیلەقی باکوور:**

- بارەگایان لە باکووری بەغدا و تکریتە، لە (۱۰) هەزار کەس پێک هاتووە، یەکەکانیشی بریتین لە فرقەی زرێپۆشی (المدینە) و فرقەی ئالی عەدنان و دووفرقەی پیادەی (العابد) و (بغداد).
- چەکەکانیشی تانکی جۆری T72 و تۆپی ئۆتۆماتیکی و زرێپۆشی جەنگاوەریی دروستکراوی سۆڤیەت و تانکی دژە موشەک و چەکی پیادەی هەیە.
- ئەرکی ئەم فەیلەقە پاراستنی باکووری بەغدا و رێگاکانی باکوور و پاراستنی تکریتی-ی پێ سپێردراوە.

*** فەیلەقی باشوور:**

- بارەگاکەی لە بەغدایە و لە (۱۰) هەزار کەس پێک هاتووە.
- ئەم فەیلەقە لە فرقەی زرێپۆشی (النداء) و فرقەی ئالی حامورابی و فرقەی پیادەی ئەبو خوزنەسر پێک هاتووە.
- چەکەکانیشی بریتین لە دەبابەی T72 و، تۆپی ئۆتۆماتیکی و زرێپۆشی پیادەی جەنگی کە دروستکراوی سۆڤییەتن، هەروا موشەکی دژەتانکی هەیە.
- ئەرکی ئەم هێزەش پاراستنی باشووری بەغدا و رێگاکانی باشووری بەغدایە

**۲- سوپای نیزامی عێراق**

*** فەیلەقی یەکەم**

- بارەگاکەی لە کەرکوکە، هەر فرقەیەکی لە (۱۰) هەزار کەس پێک هاتووە.
- یەکەکانی بریتین لە فرقەی پێنجی ئالی، فرقەی پیادەی دووەم، فرقەی پیادەی هەشتەم و فرقەی پیادەی ۳۸.
- چەکەکانی بریتین لە: تانکی T٥٤و T٥٥و T٦٢ هەروا (٦۰) هەلیکۆپتەری هێرشبەری هەیە وێرای فرۆکەی M.A25هند و S.A.۳۱٦و S.A.۳۱۹ ئەلویت ۳ و هەلیکۆپتەری غازلی S.A.۳٤۲ هێرشبەر، بەڵام ژمارەی ئەو هەلیکۆپتەرانەی بە کەڵکی کارکردن دێن نازانرێت چەندن.

– ئەرکی ئەم فەیلەقە پاراستنی باکووری عێراقە لە نزیک ناوچەی دژە فڕین بە تەنسیق لەگەڵ هێزەکانی گاردی کۆماری.

*** فەیلەقی دووەم**

– بارەگاکەی لە ناوچەی باکوور و رۆژهەڵاتی بەغدایە.
– هەر فرقەیەکی لە (١٠) هەزار کەس پێک هاتووە.
– یەکەکانی بریتین لە فرقەی زرێپۆشی سێیەم و فرقەی پیادەی (١٥) و فرقەی پیادەی ٣٤.
– لە رووی چەکیشەوە پشت بە تانکی T54وT55و T62دەبەستێ.
هەروا نزیکەی (٦٠) هەلیکۆپتەری هێرشبەری هەیە لەوانە جۆری M.A.25 و S.A.316 و S.A.319 ئەلوێت (٣) و هەلیکۆپتەری غازلی S.A.342ئەرکی ئەم فەیلەقەش پاراستنی سنووری لای ئێرانە لەلای رۆژهەڵاتی بەغداوە.

*** فەیلەقی سێ**

– بارەگاکەی لە باشووری عێراقە و هەر فرقەیەکی لە (١٠) هەزار کەس پێک هاتووە.
– یەکەکانی بریتین لە فرقەی زرێپۆشی (٦) و فرقەی (٥١)ی ئالی و فرقەی پیادەی (١٥).
– لە رووی چەکەوە خاوەنی تانکی جۆری T54و T55و T62.
خاوەنی (٦٠) هەلیکۆپتەری هێرشبەرە لە جۆرەکانی پێشوو.
– ئەرکی ئەم فەیلەقەش پاراستنی ئەو رێگایەیە کە بە درێژایی فورات درێژبۆتەوە تا دەگاتە بەسرەو لەوێوە بۆ کوێت.

*** فەیلەقی چوار**

– بارەگاکەی لە باشوور- رۆژهەڵاتی بەغدایە.
– هەر فرقەیەکی لە (١٠) هەزار کەس پێک هاتووە.
– یەکەکانی بریتین لە فرقەی زرێپۆشی (١٠) و دوو فرقەی پیادەی ١٤ و ١٨.
– دەبابە و فڕۆکەی وەک فەیلەقەکانی دیکە هەیە.

*** فەیلەقی پێنج**

– بارەگاکەی لە موسڵ و هەر فرقەیەکی لە (١٠) هەزار سەرباز پێک هاتووە.
– یەکەکانی بریتین لە فرقەی یەکی ئالی و سێ فرقەی پیادەی ٤ و ٧ و ١٦.
– لە رووی چەکیشەوە وەک فەیلەقەکانی دیکە بە هەمان جۆر چەک چەکدارە.
– ئەرکیشی پاراستنی موسڵ و دەوروبەریەتی.

**٣– یەکەکە تایبەتییەکان**

* یەکەی ٩٩٩
– بارەگاکەی لە بنکەی سەلمانی سەربازییە لە باشووری رۆژهەڵاتی بەغدا.
– لە شەش کەتیبە پێک هاتووە کە هەر کەتیبەیەکیان لە (٣٠٠) سەرباز پێک هاتووە و خاوەن پسپۆڕییەکی تایبەتین و هەریەکەیان تایبەتن بە دەوڵەتێک.
– ئەرکەکانی بەم جۆرەیە:
کەتیبەی یەکەم (الفارسی) تایبەتە بە ئێران و کەتیبەی دووەم تایبەتە بە سعودیە و کەتیبەی سێیەم (فلسطین) مامەڵە لەگەڵ ئیسرائیل دەکات و کەتیبەی چوارەم (تورکیا) تایبەتە بە تورکیا.
هەروا کەتیبەی پێنجەمیشی هەیە (مارینز) کە تایبەتە بە پرۆسەی دەریایی. کەتیبەی شەشەم دژی ئۆپۆزسیۆنە و دووبەشن، بەشێکیان لە دژی کورد لە کاردان و بەشەکەی دیکە لە دژی شیعە لە باشوور لە کاردان.

* دەزگای ئەمنی سەربازیی
– بارەگاکەی لە بەغدایە و لە (٥) هەزار کەس پێک هاتووە.
– ئەرکی ئەم دەزگایە چاودێریکردنی هێزی چەکداری عێراقە لە پێناو رێگەگرتن لە روودانی هەر جموجۆڵێکی بەرهەڵستکاری لەناویدا.


* جەیشی شەعبی
لە عێراقدا ١٩ یەکەی جەیشی شەعبی هەیە کە بە گوێرەی ناوچە جوگرافیەکان دابەش کراون. ئەم یەکەیە لە شەڕی ئێران و شەڕی کوێت چالاک نەبوون. بۆیە چاوەڕێ ناکرێ لەم شەڕەشدا بەرگرییەکی ئەوتۆیان پێ بکرێ.

**دووەم: هێزی ئاسمانی**

– بەهۆی گەمارۆی ئابووری و شەڕی دووەمی کەنداوەوە تواناکانی هێزی ئاسمانی عێراقی زۆر دابەزیوە لە کاتێکدا پێش شەڕی دووەمی کەنداو بەهێزترین هێزی ئاسمانی ناوچەکە بوو، لێرەشدا لە خستنە رووی ژمارە و تواناکان پشت بە بۆچوونی شارەزایان بەستراوە.

**١– هێزی ئاسمانی:**

– پێش شەڕی دووەمی کەنداو عێراق (٧٥٠) فڕۆکەی جەنگی هەبوو لەگەڵ (٢٠) بۆمبهاوێژی دوور مەودا کە لە رووسیا و چین دروستکرابوون، بەڵام لە شەڕی دووەمی کەنداودا ژمارەیەکی کەمیان دەربازیان بووە. دوای شەڕەکەش عێراق بەهۆی گەمارۆی ئابوورییەوە نەیتوانیوە ئەو هێزە دروست بکاتەوە، بەڵام مەزەندە دەکرێ کەلوپەلی یەدەگی بەتەهریب گەیاندبێتە عێراق.



– ژمارەی ئەندامانی ئەم هێزە (٣٠) هەزار کەس دەبێت و لە دەوروبەری بەغداش دانراون.
– ٣٠٠–٣٥٠ فڕۆکەشی هەیە. ژمارەی فڕۆکە شەڕکەرەکان (٩٠) فڕۆکە دەبێت.
– لە جەنگی دووەمی کەنداودا (٣٦) فڕۆکەی عێراقی کەوتەخوارەوە. (٦٨)یشی لەسەر زەوی تێک شکێنران. (١٣٧) فڕۆکەشی بردە ئێران بۆ پاراستنیان بەڵام پاشان ئێران بە عێراقی نەدایەوە.
* بەپێی راپۆرتی تیمەکانی پشکنین عێراق توانیویەتی فڕۆکەی جۆری ئال–٢٩ کە دروستکراوی وڵاتی چیکن و تایبەتە بە مەشق کردن بگۆڕێ بۆ فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوان کە رەنگە توانای هەڵگرتنی چەکی کیمیاویشی هەبێت و دەشگاتە ئیسرائیل.

**٢– هێزی بەرگری ئاسمانی.**

– ئەم هێزە لە شەڕی دووەمی کەنداودا زیانێکی زۆری پێ کەوت، بەڵام عێراق توانیویەتی بە پشتیوانی و هاوکاری رووسیا و بیلا روسیا و سربیا و کۆریای باکوور هێزەکانی بەرگری ئاسمانی خۆی رێک بخاتەوە، کە بەپێی راپۆرتەکان سەدام حوسێن زۆر بایەخی پێ

داوه و بەشێوەیەکی بەهێز دروستی کردۆتەوه.



- ژمارەی ئەم هێزەش (١٧) هەزار کـــەس دەبێت.
- بارەگـای سـەرەکی ئەم هێـــزەش لەژێر زەویـدایـه لـه نـزیـک فڕۆکەخانەی مثنى. له کـەرتی مـەنسـور له بەغدا.
- چەکـــەکـــانی ئەم هێزەش بریتین له موشەکی: زەوی-ئاسمان (سام)
- بەتاریەتی تۆپی فڕۆکەشکێن.
هەردووکیشیان هەم جێگیر و هەم بزوێنەرن و ئامێری راداریشیان هەیه.
- موشەکی (سام)ی مەودا مامناوەند: ٣٠٠ موشەک.
- مـوشـەکی (سـام) کـورت مـەودا: له نێـوان ٣٠٠ تا ٤٠٠ موشەک.
- تۆپی فڕۆکەشکێن: ٤ هەزار دانه.
- پەیوەندییـەکـان: تۆڕێکی پێـشکەوتووی هەیە کـە بنکەی موشەکەکان به سەرکردایەتی دەبەستێتەوه.
- بلاوبوونەوەی بەم جۆرەیە: ٤ مەڵبەندی عەمەلیاتی هەیە، کە لەژێر دەسـەڵاتی سـەرکـردایەتی ناوەندان، هەروا مـەڵبـەندی عـەمـەلیـاتی سـەربەخـۆشی هەیە کـە تایبـەتن بە پاراسـتـنی کۆشکەکانی سەدام له بەغدا و هێزەکانی گاردی کۆماری و گاردی کۆماری تایبەت.

**سێیەم: له هێزی دەریاوانی**

عـێـراق هێـزێکی دەریاوانی وای نیـیـه شـایەنی باس بێت. بەبۆچوونی سەرکردایەتی ناوەندی عێراق (٢١) پاپۆڕی هەیه به (کەشتییەکانی سەرۆکایەتییەوه)، بەڵام زۆربەیان لەکاردانین. زۆربەی پاپۆڕە جەنگییەکانی عێراق له شەڕی دووەمی کەنداودا تێک شکێنران. دوو جۆرە کەشتیی جەنگی هەیە بەناوی (الاسد) کە له ئیـتـالیـادان بەڵام بەهۆی گـەمـارۆی ئابوورییەوە نەگـەیشـتـنه عێراق.


## سەرکردەکانی سوپای عێراق

**سەدام حوسێن:**

پلەو پایە سـەرکـۆمـاری عـێـراق و سـەرکـردەی گـشـتی هێـزە چەکدارەکـانی عـێـراق، له (١٦)ی گـەلاوێژی (١٩٧٩) ەوە بۆتە سەرکۆمار و له ئایاری (١٩٩٤)وەش بۆتە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ، له (٢٨)ی نیـسانی ١٩٣٧ له نزیک شاری تکریت له عێراق لەدایک بووه.

قوسەی سەدام حوسێن: پلەو پایەی سەرپەرشتیکردنی گاردی کـۆمـاری، گاردی کـۆمـاری تایبـەت، بەرپرسی دەزگـای ئاسایشی تایبـەتی عـێـراق، سـاڵی ١٩٦٦ له دایک بووه، کـوڕی دووەمی سـەدام حـوسـێنه و دەڵـێن دیارترین پاڵێـوراوه بۆ جـێگرتنەوەی باوکی.

**فەریقی یەکەم سولتان هاشم ئەحمەد ئەلجبوری:**



پلەو پایەی وەزیری بەرگری له ساڵی (١٩٩٥)ەوه، له شەڕی عێراق- ئێران له نێـوان سـاڵانی ١٩٨٠-١٩٨٨ بەشـداربووه، هەروەها له شـەڕی دووەمی کـەنداو بەشـدار بووه، هەر فـەریقی یەکـەم سـولتـان هاشم ئاگربەستی (١٩٩١)ی ئیـمـزا کـرد، جبوری دوای تەواوکـردنی ئامۆژگـاری ئاسـایشی نەتەوەیی له بەغـدا سـاڵی ١٩٧٥ چۆتە ریزی دەزگـا سـیـخوڕی سەربازی.

**فەریق عەلی حەسەن مەجید(عەلی کیمیاوی):**



پلەو پایەی ئەندامی ئەنجوومەنی سـەرکردایەتی شۆڕش، یەکێکه له نزیکـتـرین راوێژکـارانی سـەدام، سەدام زۆر پشتی پێ دەبەستێت له چارەسـەرکـردنی کـێـشـه و گـیـروگرفـتـەکـانی خـۆی، عـەلی حەسـەن مـەجـید یەکێکه لەوانەی رێنمـاییـەکـانی سەدام جـێبـەجێ دەکات، عـەلی حەسـەن مـەجـید به عەلی کـیمیاوی ناسراوه، ئەویش لەبەرئەوەی ساڵی (١٩٨٨) به چەکی کیمیاوی کوردی قڕکرد، بۆته پارێزگاری کوێت له کاتی داگیرکردنی کوێت ساڵی ١٩٩٠-١٩٩١ ئێستاش سەرپەرشتیاری هێزەکانی باشووری عێراقه.

**عیزەت ئیبراهیم:**



پله و پایەی جـێگری سـەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، سـاڵی ١٩٤٢ له دایک بووه، مـاوەیەکی زۆره یەکـێکه له نزیکـتـرین راوێژکـارانی سـەدام، هاوکـاریـیـەکی زۆری سـەدامی کردووه له نەخشەکێشان و ئەنجامدانی کودەتای ساڵی ١٩٦٨ کە تێیدا سەدام بوو به سکرتێر و جێگری سەرۆکی عێراق به وەکاڵەت له ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشدا و له کۆتایشدا سەدامی له دەسەڵاتدا جێگیر کرد، ساڵی ١٩٩٩ عیزەت ئیبراهیم سەردانی نەمسای کرد بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی، بەڵام به خێرایی گەڕایەوه چونکه هەڕەشەی گرتنی لێکرا بەوەی پێشێلکاری مافی مرۆڤە.

**تەها یاسین رەمەزان:**



پلەو پایەی جێگری سەرۆکی عێراق، هاوکـار و نەخشـەدارێژی ئەنجـامـدانی کـودەتای سـاڵی (١٩٦٨)ە دەرەنجـام سـەدام حـوسـێنی گـەیانده لوتکەی دەسـەڵات، تەها یاسین رەمـــەزان به رەگەز کورد، له چەندین هەوڵی کوشتن رزگاری بووه.■